# بەشداری کومیتەی نۆرویژی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران لە خۆنیشان دانی کوردەکانی دانیشتووی نورویژ

بە مەبەستی نیشان دانی نارەزایەتی لە سەر سەردانی وەزیری دەرەوەی رژیمی ئاخوندی دەیان کەس، لە کوردەکانی دانیشتوی نۆرویژ لە بەرانبەر وەزارەتی دەرەوەی نۆرویژ کۆبوونەوە.

هیئەتێکی کومیتەی نۆرویژی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران لەو کۆبوونەوە نارەزایەتیە دا بەشداربیان کرد ئەو کۆبوونەوەیە بۆ ڕەخنە لە هاتنی وەزیری دەرەوەی رژیمی ملهۆری ئاخوندی بۆ وەلاتی نۆرویژ گیرا.

# کردەوەی تڕۆریستیی شاری مەخمور، جینایەتێکی دیکەی تڕۆریستان

سەر لە بەریانی ڕۆژی یەک شەممە ٢٣ی بانەمەڕ ٢٠٠٧/٥/١٣ تەقینەوەیێکی بەهێز لە بەردەم لقی ٢٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان و قائیم مەقامیی، شاری مەخمور لە کوردستانی عێراق ئەو شارەی هەژاند، کە شەهید بوونی ژمارەیێك هاوڵاتی و ڕیندار بوونی دەیان کەسی دیکەی لێ کەوتەوە.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، کردەوەی تڕۆریستی لە شاری مەخمور بە تونڈی مەحکوم دەکا و هاوبەشی غەمی کەس و کاری شەهیدانە و چاك بوونەوەی بریندارەکان لە خودای گەورە داواکارە.

کردەوەی تڕۆریستی و جینایەتکارانە لە دژی کورد لە ڕابردوودا نەیتوانیوە، هیچ کاریگەری هەبێ لە سەر خەبات و فیداکاری لە پێناو گەیشتن بە ئازادی، بێ گومان لە ئێستا و لە داهاتووشدا ناتوانێ گەلی کورد لە تێکۆشان بۆ وەدەست هێنانی خواستەکانی وەگیرێ بۆیە سەر ئەنجام تڕۆریستان و دژمنانی کورد و دژمنانی ئازادی ڕسوا دەبن.

لەگەڵ مەحکوم کردنی کردەوەی تڕۆریستیە جینایەتکاریەکان.

**سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران**

**٢٣ی بانەمەڕی ١٣٨٦**

# لە مەشهەد لە ماوەی ١٠ ڕۆژدا، ١٥ کەس ئیعدام کران

لە دادستانی گشتی و ئینقلابی مەشهەد ڕۆژی دووشەمە ٢٤ی بانەمەڕ ڕایگەیاند کە لە ماوەی دە ڕۆژی ڕابردوودا پانزە کەسیان بە تاوانی قاچاغی مەوادی موخەدیر ئیعدام کردوە.

ڕۆژنامەی قودس لە زمانی غولام حوسینی ئیسماعیلی، دادستانی گشتی و ئینقلابی مەشهەد نوسیویە کە دەستگای قەزایی لەگەڵ ئەوانەی دەبنە هۆی نا ئەمنی بە تونڈی هەلس و کەوت دەکا.

بە پێ ی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەی قودس ئیعدامەکان لەم ساڵی زایینیەدا و بە کەمتر لە پێنج مانگ گەیشتونە ٢٧ نەفەر.

***

# چوار کەس لە شاری سەقز بە زیندان مەحکوم کران

دادگای پێدا چوونەوەی ئوستانی کوردستان، ٤ کەس بە ناوەکانی عارف عەبدالەزادە هاوڕێ کەیخوسرەوی، هیوا شەریفی و میهران سەلیمی بە ٢ تا ٤ زیندانی مەحکوم کرد. بەشی چوارەمی دادگای پێداچوونەوەی پارێزگای کوردستان حوکمی ٣ ساڵ زیندانی بۆ عارف عبدوالەزادە و ٤ ساڵ زیندانی تەعلیقی بۆ هاوڕێ کەیخوسرەوی ٢ ساڵ زیندانی تەعلیقی بۆ هیوا شەریفی و میهران سەلیمی پەسەند کردوە. ئەو کەسانە پێشتر لەلایەن ئیتلاعاتەوە بە تاوانی پێوەندی بە هێز و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان مەحکوم کرا بوون.

***

# دوو ڕۆژنامە نووسی مەریوانی دادگایی دەکرێن

عەدنان حەسەن پوور ڕۆژنامە نووسی شاری مەریوان بڕیارە ڕۆژی ٢٣ی جۆزەردان دادگایی بکرێ، هەروەها هیوا بویتماریش هێنراوەتە زیندانی مەریوان،

بە پێی هەواڵی ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤی کوردستان، عەدنان حەسەن پوور ڕۆژنامە نووسی مەریوانی کە ٣ مانگ لەوە پێش گیرا بوو، بە تاوانی دژایەتی ڕژیمی ئاخوندی و پێوەندی لەگەڵ کەسانی بێگانە ٢٣ی جۆزەردان دادگایی دەکرێ.

***

# کۆچی دوایی دوو دۆستی سازمانی خەبات

بەم دواییانە هەواڵمان پێ گەیشت حاجی شێخ حەیدەر کانی بێ، و حاجی محەمەد بەردەبووکی لە ناوچەی دەشتە تاڵی بانە کە، دوو دۆستی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران بوون کۆچی دواییان کردوە.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران سەرە خۆشی بە خانەوادە و کەس و کاریان ڕادەگەیێنێ و لە غەم و پەژارەیان هاوبەشی دەکا.

# پرسەو سەرەخۆشی

بە پێی هەواڵ، کاك ئەنوەر ئەردەڵان، کوڕی بەڕێز حەمەخانی ئەردەڵان و برای کاك بێهروز ئەردەڵان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی سازمانی خەبات، لە دوای ئەوەی لەلایەن هێزەکانی ڕژیمەوە، دەکەوێتە بەر هەڕەشە و بە سواری ماتۆر سیکلێت لە دەستیان دەرباز دەبێ، بە داخەوە، خۆ لە ماشینێك دەدا و گیان دەسپێرێ.

سازمانی خەبات سەرەخۆشی بە خانەوادەی بەڕێز محمد خانی مەرخوز و کاك بێهروزی ئەردەڵان ڕادەگەیێنێ و هاوبەشی غەم و پەژارەیانە.

# چالاکی تەبلیغی ئەندامان و لایەنگرانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران لە شارە جیاجیاکانی کوردستان

بە پێی هەواڵەکان، ئەندامان و لایەنگرانی دڵسۆزی سازمانی خەبات لە شارەکانی ورمێ، بۆکان، سەقز، بانە و پیرانشار کار و چالاکی تەبلیغاتی بەرینیان وەرێ خستوە.

کار و چالاکی ئەندامان و لایەنگرانی سازمان، وێنەی شەهیدان و سی دی ووتوویژ و سوخەنرانی ڕێبەرایەتی سازمان بە شێوەی بەرین بڵاو کراونەوە.

## ورمێ:

لە شاری ورمێ لە گەرەکی دەوروبەری بیمارستان، خیابانی بە ناو خومەینی، دەوروبەری دانشگای ئازادی ئەو شارە کاری تەبلیغی بەڕێوە چووە.

## بۆکان:

لە شاری بۆکان، لە خیابانی سەقز، گەرەکی میراوا، کولتەپە و گەرەکەکانی نزیك بازار چالاکی بەرینی تەبلیغی بەڕێوە چووە.

## سەقز:

لە شاری سەقز، لە گەرەکەکانی تەپی مالان، گەرەکی مزگەوتی جامیعە، حەمال ئاوا، کاری تەبلیغی و چالاکی بە بڵاوکردنەوەی وێنەی شەهیدان و سی دی ووت وێژ و سوخەنرانی سکرتێری گشتی سازمان بەڕێوە چووە.

## بانە:

لە شاری بانە لە گەرەکی خواروو دەوروبەری گەرەکی بیمارستان، گەرەکی بانە کۆن، گەرەکی پارکی شار و گەرەکی شیرکەتی نەوت کاری تەبلیغی بەڕێوە چووە.

## پیرانشار:

هەر وەها لە شاری پیرانشار لە گەرەکەکانی، خیابانی قودس و خیابانی مەلارەزا و دەوروبەری و گەڕەکی کۆنەخانێ، کاری تەبلیغی بەربڵاو بەڕێوە چووە کە لە تێکڕای شارەکانی کوردستان کاری تەبلیغی سازمان بوونە جێگەی خۆشحالی خەڵك.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران درود و سوپاس دەنێرێ بۆ دەستە تەشکیلاتیەکان لە سەرانسەری کوردستان و ماندوو بوونیان بە گرینگ و چارە نووس ساز دەزانێ و سەرکەوتنیان لە خودای گەورە داواکارە.

# هەواڵەکانی کوردستان

## مەهاباد:

### خەڵك بەرەنگاری هێزەکانی ڕژیم دەبنەوە

ڕۆژی هەینی ٢٢ی بانەمەڕ هێزەکانی ئینتزامی هەواڵیان دا دوو کچی لاو بە تاوانی لە بەرچاو نەگرتنی حیجاب لە یەکێك لە شەقامەکانی مەهاباد بگرن.

بەڵام خەڵکی گەرەك و لاوان ڕووبەرووی هێزەکانی ڕژیم بوونەوە دوو کچە لاوەکەیان لە دەست هێزەکان ڕزگار کردوە.

***

## کرماشان:

### هێزەکانی ڕژیم هێرش دەکەن سەر لایەنگرانی تۆپی پێ

لە دوای ئەوەی تیمی تۆپی پێ شیرین فەرازی کرماشان گەیشتە ریزی بەندی تیمە پلە باشەکان ( حرفەای ) خەڵکی کرماشان بۆ دەربڕینی شادی هاتنە خیابانەکان. بەڵام هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیم کە بەردەوام ئازار و دەردیان بۆ جەماوەر هێناوە، ئەم جارەش تەحەمولی خۆشحالی و شادی جەماوەریان نەکرد و هێرشیان کردنە سەر. هەروەها وێنەی خەڵکیان گرتوە تا لە داهاتوودا بە تاوانی ئاژاوەنانەوە بیانخەنە بەر ئازار، لەلایێکی دیکەوە دوربین و موبایلیان لەو کەسانە ستاندوە کە وێنەیان لەو ڕووداوانە هەڵگرتبوو.

***

## شنۆ:

### قوتابیانی سێ دێی شن ۆ ئامادە نەبوون فۆرمی بەسیج پڕ بکەنەوە

ڕۆژی هەینی ٢١ی بانەمەڕ خوێندکارانی پۆلی دووهەم و سێهەمی مەدرەسەکانی ئاوایەکانی نەلۆس، دێ شەمس، هێ یە، دەچنە نزارەکان و دارستانی میراوێ، بەرپرسەکانی ڕژیمی ئاخوندی بۆ ئەوەی بە خەیاڵی خاویان خوێندکاران فریو بدەن، نانی نیوەڕۆیان لە گوردانی نەلۆس بۆ دێنن، لە دواییدا، بەرپرسی بەسیجەکان فۆرمی بەسیجیان دەداتێ بەڵام خوێندکاران ئازایانە لە بەرانبەر ڕژیمدا دەوێستنەوەو فۆرمەکان دەدڕێنن.

***

## بانە:

### زۆرهێنانی هێزەکانی ڕژیم بۆسەر خەڵك

هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیم ماشینی خەڵك لە بازگەکان ڕادەگرن و دەیان پشکنن و هەروەها تەلەفوون و موبایلەکانی خەڵك کونترۆڵ دەکەن و ئەگەر کەسێك لەگەڵ دەرەوەی ئێران پێوەندی بگرێ، یان نەوعی قسەکردنەکەی تەنانەت لەگەڵ ناوخۆی ئێراندا بە دڵی ڕژیم نەبێ و تۆزێك گومانیان لێ ی هەبێ، بانگ دەکرێتە ئیتلاعات و لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرێ.

***

### لاوێکی مەریوانی لەلایەن هێزەکانی ڕژیمی ئاخوندی شەهید کرا

لە دوای ئەو نا ئارامیەی لە شاری مەریوان هاتە ئاراوە و لاوێکی مەریوانی لەلایەن هێزەکانی ڕژیمی ئاخوندی شەهید کرا. خوێندکارێکی کورد بە ناوی عەبدوڵا عومەر کە خوێندنی زانکۆ بوو لە ماڵەکەی خۆیدا خۆی خنکاند.

بە پێی هەواڵەکان خۆ کووشتنی ئەو لاوە خوێندکارە بە هۆی بێزاری لە ژیانی ژێر دەسەڵاتی ئاخوندی و نەبوونی هەل و مەرجی ئازاد و بەردەوامیی سەرکوت لە کوردستان دا بووە.

***

### لە قرقیزستان وەرزشکارێکی کورد سەرکەوتنی وەدەست هێنا

سامان تەهماسبی، وەرزشکاری زۆران بازیی فەرەنگی دا (کشتی فرهنگی) لە پێشبڕکێکان لە وەلاتی قرقیزستان، توانی لە کێشی ٨٤ کیلویی دا نیشانی زێڕی ئەو پاڵەوانەتیەی وەدەست بێنێ.

***

### چوار کەس لە شاری سەقز بە زیندان مەحکوم کران

دادگای پێدا چوونەوەی ئوستانی کوردستان، ٤ کەس بە ناوەکانی عارف عەبدالەزادە هاوڕێ کەیخوسرەوی، هیوا شەریفی و میهران سەلیمی بە ٢ تا ٤ زیندانی مەحکوم کرد. بەشی چوارەمی دادگای پێداچوونەوەی پارێزگای کوردستان حوکمی ٣ ساڵ زیندانی بۆ عارف عبدوالەزادە و ٤ ساڵ زیندانی تەعلیقی بۆ هاوڕێ کەیخوسرەوی ٢ ساڵ زیندانی تەعلیقی بۆ هیوا شەریفی و میهران سەلیمی پەسەند کردوە. ئەو کەسانە پێشتر لەلایەن ئیتلاعاتەوە بە تاوانی پێوەندی بە هێز و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان مەحکوم کرا بوون.

***

### دوو ڕۆژنامە نووسی مەریوانی دادگایی دەکرێن

عەدنان حەسەن پوور ڕۆژنامە نووسی شاری مەریوان بڕیارە ڕۆژی ٢٣ی جۆزەردان دادگایی بکرێ، هەروەها هیوا بویتماریش هێنراوەتە زیندانی مەریوان،

بە پێی هەواڵی ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤی کوردستان، عەدنان حەسەن پوور ڕۆژنامە نووسی مەریوانی کە ٣ مانگ لەوە پێش گیرا بوو، بە تاوانی دژایەتی ڕژیمی ئاخوندی و پێوەندی لەگەڵ کەسانی بێگانە ٢٣ی جۆزەردان دادگایی دەکرێ.

***